
ڕێنماییەکان
KURDISTAN FILM FUND
فیلمی کورت، مامناوەند، یاخود درێژ
هەروەها زنجیرەی تەلەفیزیۆنی لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان یاخود بەرهەمهێنانی هاوبەش



فیلمی کورت، ماماوەند، یاخود درێژ هەروەها زنجیرەی تەلەفیزیۆنی لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان یاخود بەرهەمهێنانی هاوبەش

KURDISTAN FILM FUND

پێشەکی

لە ژێر چەتری دەزگای کریەتیف کوردستان، هاوشان لەگەڵ کۆمسیۆنی فیلمی کوردستان، سندوق فیلمی کوردستان پاڵپشتی فیلمی کوردیی کورت، ماماوەند، و درێژ و هەروەها زنجیرەی تەلەفیزیۆنی دەکات لە هەر قۆناغێکی بەرهەمهێناندابن لەڕێی دوو سووڕی پاڵپشتی ساڵانەوە

ڕێنماییەکان

ئەم بەڵگەنامەیە ڕێنماییە پێویستەکان لەخۆدەگرێت بۆ هەر پێشکەشکارێک کە فیلمی کورت، ماماوەند، یان درێژ یاخود زنجیرەیەکی تەلەفیزیۆنی خەیاڵکرد، وێنەی جۆلاو (ئەنیمەیشن)، یاخود بەڵگەفیلم (دۆکیومێنتاری) بەرهەمبێنێت لە قۆناغی بەرهەمهێنان یاخود بەرهەمهێنانی هاوبەش.
ئامۆژگاری پێشکەشکاران دەکەین بەر لە پێشکەشکردنی داواکاری بە وردی ئەم ڕێنماییانە بخوێننەوە چونکە وردەکاری ڕێنماییەکان، بڕی پاڵپشتییەکان، و پێداویستییەکانی پێشکەشکردن بۆ قۆناغی بەرهەمهێنان یاخود بەرهەمهێنانی هاوبەش لەخۆدەگرن.

شایستەیی

تەواوی ڕێسا گشتییەکان بە شێوەی ئۆنڵاین لە وێبسایتەکەمان بەردەستە و دەتوانن زانیاری ورد و وەڵامی پرسیارەکانتان دەست بکەوێت.

خشتەی کاتی پێشکەشکردنی داواکاری

سۆڕی یەکەمی پێشکەشکردنی داواکاری
لە 1ی ئەیلول، 2026 دەکرێتەوە
لە 16ی تشرینی یەکەم، 2026 دادەخرێت
ڕاگەیاندنی پرۆژە پاڵپشتیکراوەکان لە ناوەڕاستی کانونی دووەم، 2027 دەبێت

پۆلێن و سوڕەکانی پاڵپشتی فیلم

فیلمی کورت و ماماوەند لە قۆناغی بەرهەمهێنان
لەناویاندا فیلمی خەیاڵکرد، بەڵگەفیلم، و وێنەی جوڵاو
فیلمی کورت بەرهەمێکە لە 30 خولەک کورتتر بێت.
فیلمی ماماوەند بەرهەمێکە لە نێوان 30 بۆ 59 خولەکدابێت.

فیلمی درێژ لە قۆناغی بەرهەمهێنان یاخود بەرهەمهێنانی هاوبەش
لەناویاندا فیلمی خەیاڵکرد، بەڵگەفیلم، و وێنەی جوڵاو
فیلمی درێژ بەرهەمێکە لە کاتژمێرێک زیاتر بێت و بە ئامانجی پەخشکردنی سەرەتایی لە سینەما بەرهەمهاتبێت.

زنجیرەی تەلەفیزیۆنی لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان یاخود بەرهەمهێنانی هاوبەش
لەناویاندا زنجیرەی خەیاڵکرد، بەڵگەفیلم، و وێنەی جوڵاو
کراوەیە بۆ هەر یەک لەم چەشنانەی خوارەوە: زنجیرەی یەک وەرزی، زنجیرەی فرە-وەرزی، زنجیرەی سنوردار / کورتە زنجیرە. لانی کەم پێویستە 3 ئەڵقە بێت و مەودای هەر ئەڵقەیەک 15 بۆ 60 خولەک بێت.

بڕی پاڵپشتی و دانیشتنەکان

دەستەواژەی پاڵپشتی پارەی نەقد و ڕێنیشاندانی پیشەیی لەخۆ دەگرێت
لە ماوەی دانیشتنە هاوبەشەکان

بەرهەمهێنان

فیلمی کورت و ماماوەند	تا 10,000 (دە هەزار) دۆلار
فیلمی خەیاڵکرد یان ئەنیمەیشنی درێژ	تا 100,000 (سەد هەزار) دۆلار
بەڵگەفیلمی درێژ	تا 50,000 (پەنجا هەزار) دۆلار
زنجیرەی تەلەفیزیۆنی	تا 60,000 (شەست هەزار) دۆلار

بەرهەمهێنانی هاوبەش

فیلمی خەیاڵکرد یان ئەنیمەیشنی درێژ	تا 60,000 (شەست هەزار) دۆلار
بەڵگەفیلمی درێژ	تا 30,000 (سی هەزار) دۆلار
زنجیرەی تەلەفیزیۆنی	تا 40,000 (چل هەزار) دۆلار

ڕەوایی پاڵپشتییە داراییەکان

پاڵپشتی هەڵدەوەشێتەوە گەر وێنەگرتنی سەرەکی دەستی پێنەکردبێت لە ماوەی دوو ساڵدا پاش ڕاگەیاندنی وەرگرتنی پاڵپشتی. گەر هۆکارێکی تایبەت خرابێتە ڕوو، دەکرێت داوای درێژکردنەوەی دوا وادە بۆ ماوەی ساڵێک بکرێت، وەک دۆخێکی تایبەت کە بڕیاری کۆتایی لەلایەن سندوقەوە بە شێوەی تاکلایە دەدرێت.

• تەواوی پڕۆژە پاڵپشتیکراوەکان لە هەر سۆرێکدا هەلی بەشداریکردنیان لە زنجیرەیەک دانیشتینی ئۆنڵاینی بەکۆمەڵدا دەبێت کە بابەتی گرنگ و پێویست بۆ پەرەپێدانی پڕۆژەکان، دارایی و بەرهەمهێنان باس دەکات. ئەم دانیشتنانە لە سێ مانگدا ڕوو دەدەن پاش ئاگادارکرانەوە لە وەرگرتنی پاڵپشتی.
• پاڵپشتی دارایی هاوشان دەبێت لەگەڵ ڕێنیشاندانی پیشەیی، هەر پڕۆژەیەکی پاڵپشتیکراو، پشتگیری ورد و تایبەتمەند وەردەگرێت بۆ ئەو قۆناغەی پەرەپێدان کە بەرهەمەکەی تێدایە. چاوەڕێ دەکرێت وەرگرانی پاڵپشتی بەشداریەکی کارایان هەبێت لە پڕۆگرامی دانیشتنە پیشەییەکان کە بەشێکی سەرەکین لە پشتگیرییەکانی پاڵپشتییەکە و مەرجێکە بۆ وەرگرانی پاڵپشتی.

پارەدانی پاڵپشتی دارایی
پاڵپشتییەکە دەبەخشرێت بە بەرهەمهێنەر، جگە لە حاڵەتی تایبەتدا کە لە یاساکاندا بە (*) دیاری کرابێت. لە حاڵەتی بەرهەمهێنانی هاوبەشدا، پاڵپشتی دەدرێت بە لایەنی بەرهەمهێنانی کوردیی پڕۆژەکە.

• یەکەم گوژمەی پارەدان 40%ی تەواوی پاڵپشتییەکە پاش واژۆکردنی گرێبەستی پاڵپشتی
• دووەم گوژمەی پارەدان 40%ی تەواوی پاڵپشتییەکە لە یەکەم ڕۆژی وێنەگرتنی سەرەکی (بە نیشاندانی ڕێپێدانی وێنەگرتن)
• سێیەم گوژمەی پارەدان 20%ی تەواوی پاڵپشتییەکە پاش وەرگرتن و قبوڵکردنی جێبەجێکردنی تەواو و ڕاپۆرتی دارایی بەکارهێنانی تەواوی پاڵپشتییەکە (بەیاننامەی دارایی کە لەلایەن وردبینی یاسایی یاخود ژمێریاری ڕێپێدراوەوە پشتڕاستکرابێتەوە).

فیلمی کورت، ماماوەند، یاخود درێژ هەروەها زنجیرەی تەلەفیزیۆنی لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان یاخود بەرهەمهێنانی هاوبەش

پێداویستیپەکان

لەم لیستەی خوارەوە ئەو بەڵگەنامانە دەبینن کە پێویستە لە دۆسیەی هەر داواکارییەکدا هەبن بۆ پرۆژەیەک لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان یان بەرهەمهێنانی هاوبەشدا بن.

- بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن، پێویستە پێشکەشکاران بابەت و بەڵگەنامەکانیان بەم ڕیزبەندییەی خوارەوە پێشکەش بکەن.
- پێویستە تەواوی بەڵگەنامەکان بە یەک فایلی PDF پێشکەش بکرێن

پاڵپشتی بەرهەمهێنان یاخود بەرهەمهێنانی هاوبەش

بەڵگەنامە هونەرییەکان (بە ئینگلیزی)

- ☐ لاپەڕەی ڕووپۆش لەگەڵ ناونیشانی بەرهەم
- ☐ پوختەی (سینۆپسس) کورت و / یان درێژی بەرهەم (لە 20 دێڕ زیاتر نەبێت)
- ☐ وتەی دەرهێنەر / یاداشتنامەی مەبەستی هونەری (لە 2 لاپەڕە زۆرتر نەبێت)
- ☐ سەرچاوە هونەرییەکان: مووود بۆرد / سەرچاوە بینراوەکان / کاریگەرییە جوانیناسییەکان و ئیلهامبەخشەکان / گەڕان (سکاوتینگ) - لە 6 لاپەڕە زیاتر نەبێت
- ☐ لیستی کاست و تیمی بەرهەمهێنان (کرو) لەگەڵ نیشاندەری کەسانی کارامەی هونەڕی کوردی
- ☐ تێبینی مەبەستی بەرهەمهێنەر کە پێداویستییەکانی پرۆژەکە و کار و هەنگاوی پێویست بۆ پەرەپێدانی سەرکەوتوو بخاتە ڕوو لەگەڵ توانای پرۆژەکە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردندا (لە 2 لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تەنیا بۆ فیلمی کورت، مامناوەند، و درێژ:

- ☐ سیناریۆ

تەنیا بۆ زنجیرەی تەلەفیزیۆنی:

- ☐ لۆگڵاین

ڕێساپەرتووکی زنجیرە کە ئەمانە لەخۆ بگرێت:

- ☐ بیرۆکەی زنجیرە
- ☐ کارەکتەر
- ☐ هێڵی پەرەسەندنی چیرۆک
- ☐ پوختەی هەر ئەڵقەیەک (لانی کەم ٣ ئەڵقە)
- ☐ سیناریۆی هەر ئەڵقەیەک (لانی کەم ٣ ئەڵقە)

تیمی هونەری (بە ئینگلیزی)

- ☐ ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) دەرهێنەر
- ☐ بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری دەرهێنەر
- ☐ ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) سیناریست (ئەگەر گونجا)
- ☐ ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) بەرهەمهێنەر
- ☐ بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری بەرهەمهێنەر
- ☐ پرۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێن (بۆ کورتە فیلم و فیلمی مامناوەند ناچاری نییە)
- ☐ ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- ☐ بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- ☐ پرۆفایلی کۆمپانیای هاوبەرهەمهێن (ئەگەر گونجا)
- ☐ ژیاننامە و فیلمۆگرافی کەسانی سەرەکی لە تیمی هونەری

بەڵگەنامە یاساییەکان (دەکرێت هەندێک لە بەڵگەنامەکان بە زمانی ڕەسەن پێشکەشبکرێن، وەک کوردی یان عەرەبی)

- ☐ ناسنامەی دەرهێنەر
- ☐ بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی دەرهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە.
- ☐ ناسنامەی بەرهەمهێنەر
- ☐ بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی بەرهەمهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە. (ئەگەر گونجا)
- ☐ گرێبەستی واژۆ کراوی مافی وەرگرتن / ئامادەکردن (ئەداپتەیشن) (ئەگەر گونجا)
- ☐ گرێبەستی دەرهێنەر (گەر دەرهێنەر خودی سیناریست نەبوو)
- ☐ گرێبەستی بەرهەمهێنان
- ☐ بەڵگەنامەی تۆماری یاسایی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود بەڵگەنامەی فەرمی هاوشێوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا)
- ☐ گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (ئەگەر گونجا)
- ☐ پەیماننامەی پابەندبوونی هەر لایەن و هاوبەشێک کە لە پڕۆژەکەدا بەشداربێت (بۆ نموونە لایەنی دارایی، هاوبەرهەمهێن، پەخشکار، دابەشکار، فرۆشیار، تد.)

بەڵگەنامە داراییەکان

- ☐ خشتەی کاتی بەرهەمهێنان
- ☐ نەخشەی دارایی کۆتایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمی سندوق فیلمی کوردستان)
- ☐ بودجەی خەملێندراو (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمی سندوق فیلمی کوردستان)

ڕەنگە پێشینەیی و پاڵپشتییەکی زیاتر بدرێت بەو پڕۆژانەی خەرجییەکی بەرچاو لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکەن.

بۆ فیلمی درێژ یاخود زنجیرەی تەلەفیزیۆنی بەڵگەفیلم، لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری نابێت زیاتر لە 50%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو تۆمار کرابێت.
تەنیا بۆ ئەو پڕۆژانەی دووبارە داواکاری پێشکەش دەکەنەوە > پێویستە تێبینی دووبارە نوسینەوە هاوپێچ کرابێت

تێبینی لەسەر هەڵسەنگاندن

- ☐ لەگەڵ هەڵسەنگاندنی بەهرە و کوالیتی هونەری و توانای جێبەجێکردنی بەرهەمهێنان، دەستەی دادوەری توانای هەر پڕۆژەیەک بۆ بەشداریکردن لە پەرەپێدانی درێژخایەنی سینەمای کوردی، ناسراوی نێودەوڵەتی و بەردەوامی لەبەرچاودەگرێت.
- ☐ تایبەتمەندییەکی زیاتر دەدرێت بە پشتیوانیکردنی ئەو پڕۆژانەی گرنگییەکی بەرچاو دەدەن بە هەمەجۆری و یەکسانیی ڕەگەزیی لە هەردوو تیمی سەرەکی بەرهەم یاخود تیمی جێبەجێکار/ تیمی تەکنیکی.

سوپاس

ئیمەیڵ

info.fund@creativekurdistan.krd

بۆ پەیوەندی

+964 (772) 139 2923

ناونیشان

تەلاری هێرا، شەقامی میدیا، نهۆمی 3، شوقەی-30 31،
سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق



KURDISTAN FILM FUND